ئەنجومەنی نوێنەران تەمەنی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی درێژ کردەوە

ئەمە دووشەممە، ئەنجومەنی نوێنەران لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا، تەمەنی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی بە دوو ساڵ درێژ کردەوە.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجووومەنی نوێنەران لە ڕاگەیەنراوەکدا باڵاو کردەوە "ئەنجووومەنی نوێنەران لە میانی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا، دەنگی دا بە درێژکردنەوەی تەمەنی کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ماوەی دوو ساڵ."

ئاماژەی بەوەش کردووە "ئەنجووومەن دەنگی دا بە زیادکردنی بڕگەیەک بە بەرنامەی کارەکەی (یاسای پێشنیازکراوی هەموارکردنی یەکەم بە یاسای پاسپۆرت ژمارە 32ـی ساڵی 2015)."